وەزارەتی بەرگریی تورکیا کوژرانی سەربازێکی لە خاکی هەرێمی کوردستان ڕاگەیاند



ئەمڕۆ یەکشەممە (22ـی ئەیلوولی 2024)، وەزارەتی بەرگریی تورکیا کوژرانی سەربازێکی بەناوی "ماشەلا ئاباکای" لە ئەنجامی هەرشێکی پێکەکە لەسنووری ناوچەکانی ئەپەراسیۆنی ناسراو بە (چنگ قوف) لە ناوچەی زاپ لە هەرێمی کوردستان ڕاگەیاند.

ئەم شەڕە و پێکدادانە لە چوارچێوەی ئەپەراسیۆنێکدایە، کە تورکیا ناوی ناوە چنگ-قوف کە لە ڕۆژی 18ـی نیسانی 2022 لە ناوچەکانی ئاڤاشین، مەتین و زاپ لە خاکی هەرێمی کوردستان بە سەر پێگەکانی پێکەکە دەستیپێکردووە و تائێستاش بەردەوامە.

جێی ئاماژەیە، لەماوەی مانگەکانی ڕابردوو تورکیا لەشکرکێشی و هاوکاری چەی هێزەکانی بە ناوچە جیاجیاکانی پارێزگای دهۆک کرد، بەبیانووی بوونی پارتی کرێکارانی کوردستان کە ئەم لەشکرکێشی و بەردوومانانە بووە هۆی ئاوێربوونی دەیان گوند و تەنها لە ماوی مانگی ڕابردوودا 6 هاوڵاتی سڤیلی هەرێمی کوردستان بوونەتە قوربانی بەردوومانەکانی فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا بە خاکی هەرێمی کوردستان کە سیانیان ئەندامی یەک خێزان بوون، لەبەرامبەردا حکومەتی هەرێمی کوردستان و هیچ لایەنێکی ئەمنی و پێیوەندیدار لە هەرێمی کوردستان سەرکۆنەی ئەو بەردوومانانەی تورکیا نەکردووە.

زانیاری زیاتر...

چەندین ساڵە سوپای تورکیا لە خاکی هەرێمی کوردستان بوونی هەیە و زیاتر لە چل بارەگای سەربازی بەخێی و هێزەکانی لە پارێزگای دهۆک و ئاژەڵەکانی هەولێر دروستکردووە بە بیانوی بوونی پارتی کرێکارانی کوردستان، لێکاتێکدا هەرشە فڕۆکەوانیەکانی تورکیا بوونە هۆی کوژرانی زیاتر لە 145 هاوڵاتی سڤیلی هەرێمی کوردستان لەماوەی هەشت ساڵی ڕابردوودا و لەسەرتای ئەمساڵ بەگوێرەی ئەنکخراوەی CPT، زیاتر لە دە هاوڵاتی مەدەنی لە هەرێمی کوردستان بەهۆی هەرشەکانی تورکیا گیانیان لەدەستداوە کە ئەمانە تەنها ژمارەی ڕاگەیندراوەکانە، لەبەرامبەردا چەندین هاوڵاتی تری مەدەنی لە شەنگال کراونەتە ئامانج.

شاناز ئیبراهیم ئەحمەد، ئەندامی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پێشتر گووتی: دەبێت خەڵکی عێراق بزانن ئایا ئەکەوتنەک لەنێوان ئەنقەرە و بەغدا یان ئەنقەرە و هەولێر هەیە کە ئەگەر بە وڵاتانی دراوسێ بدات عێراق وەک خاکی خۆیان مامەڵە لەگەڵ بکەن ئەگەر ئەکەوتنەکی لەو شێوەیە هەبێت، ئەوا دەبێت خەڵک ناڕازایەتی ئاراستەی دەسەڵاتدارانی عێراق و کورد هەبێت، بەڵام ئەگەر ئەکەوتن نەبووە، ئایا نابێت پەنجە بە تورکیا وەک داگیرکەر ڕابکێشین؟!.